# پڕۆژە یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کودستان – عێراق

**ماددەی یەکەم :**

پێناسەکان : مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە :

١– هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق .

٢– سەرۆکی هەرێم : سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق .

٣– سەرۆکایەتی وەزیران : سەرۆکایەتی ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان – عێراق .
٤– دەزگا : دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق .
٥– سەرۆکی دەزگا : سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق .

٦– جێگری سەرۆکی دەزگا : جێگری سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان – عێراق .

**ماددەی دووەم :**

ئەرك و ئامانج :

دەزگا تایبەتمەندە بە ئاسایشی ناوخۆی هەرێم بە تایبەتی بەمانەی خوارەوە :

یەکەم : پاراستنی ئازادی گشتی و تایبەتی و پرنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ .

دووەم : پاراستنی ئاسایشی دەزگای دەستوری و یاسایی ( پەرلەمان ، حکومەت ، دادوەریی ) لە هەرێمدا لەگەڵ کەسایەتی و دەزگاکان و هی تردا .

سێیەم : ئاسایشی کاری سیاسی ( حزبەکان ) و پیشەیی ( کۆمەڵەکان ، سەندیکاکان ، و رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی ) .

چوارەم : ئاسایشی ئابوری نیشتمانی ( خۆراك و وزە ) بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**پێنجەم :** ئاسایشی فڕۆکەخانەکان و دەرگا سنورییەکان .

**شەشەم :** ئاسایشی ڕۆشنبیری و کەلتووری گەلی کوردستان – عێراق بە هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئاینی و ئاینزانی و بەها ئەسڵیەکانی .

**حەوتەم :** کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی هەڕەشی ناوخۆی ئاراستەکراو دژ ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمدا و هەڵسەنگاندنی و لە ڕوو وەستانی .

**هەشتەم :** ئاسایشی هاتووچۆ ( خاڵی کۆنترۆڵی دەرەوە بۆ پارێزگاکان لە ناو هەرێمدا ) .

**نۆیەم :** ئاسایشی شوێنی خواپەرستی و شوێنی ئاینی .

**دەیەم :** ئاسایشی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و نێردە دیپلۆماسیەکان و کۆنسولگەری بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیداردا .

**یازدەم :** پاراستنی ئاسایشی هەرێم لە بواری تاوانی مەترسیدار ، تاوانی ڕێکوپێك و مادده هۆشبەرەکان ، تەزویری پارە ، گەندەڵی کارگێری و دارایی و شوشتنەوەی ماڵ و ئەمەش بەپێی حوکمەکانی یاسا جێ بەجێ کراوەکانی هەرێم دەبێ .

**دوازدەم :** پاراستنی ئاسایشی شوێنەوارەکان و شوێنە مێژووییەکان .

**سێزدەم :** بەدواداچوونی کێشەکانی پەناهەندە و کۆچبەران و نیشتەجێبووەکانی بیانی لە هەرێمدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان .

**چواردەم :** ئاڵوگۆڕکردنی بەرگومان و تاوانباران و ناردنی قەزیەکەیان بۆ دەزگاکانی ئاسایشی فیدراڵی و هەرێم بەپێی ئەو میکانیزمەی کە یاسا دەستنیشانی دەکات .

**پازدەم :** پاراستنی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی لە هەرێمدا لە نەخۆشی ترسناکی درمی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا .

**ماددەی سێیەم :**

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان — عێراق ، دەزگایەکی تایبەتە بە پاراستنی ئاسایشی ناخۆ لە هەرێمدا و خاوەن کەسایەتێکی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕییە و بودجەی تایبەتی خۆی هەیە .

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم :** دەزگاکە بە سەرۆکایەتی وەزیرانی هەرێمەوە دەلکێ .

**دووەم :** سەرۆکی دەزگا :

سەرۆکی بالای دەزگایە و دەسەلاتی کارگێری و دارایی و یاسایی پێویستی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکە و بە پلەی وەزیر دەبێ و لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دادەمەزرێ .

**سێیەم :** جێگری سەرۆکی دەزگا :

جێی سەرۆکی دەزگا دەگرێتەوە لەو دەسەلاتانەی کە پێی دەسپێردرێ و بە پلەی بریکاری وەزارەت دەبێ و لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دادەمەزرێ .

**چوارەم :** جێگری سەرۆك ئەرکەکانی سەرۆك دەگرێتە ئەستۆ لە حالەتی ئامادەنەبوونی .

**ماددەی پێنجەم :**

ئەنجوومەن لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و بەرێوەبەرە گشتیەکان و هەر ئەندامێکی دیکەی خاوەن پسپۆری کە لەلایەن ئەنجومەنی دەزگاوە دەخرێتە سەری .

**ماددەی شەشەم :**

دەزگا لەم بەرێوەبەرایەتیە گشتیانەی خوارەوە پێك دێ :

١– بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان .

٢- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئاسایش .

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سیاسی .

٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەناوبردنی مادده هۆشبەرەکان .

٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنورییەکان .

٦- پەیمانگای پەرەپێدانی ئاسایش ، ئەفسەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە پایەکەی لە پایەی عەمید کەمتر نەبێ ، بە مەرجێك بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێ .

**ماددەی حەوتەم :**

١- ئەنجومەن کۆبوونەوەی دەوری دەبەستێ و کە پێویستیشی کرد کۆبوونەوەی نائاسایی دەبەستێ .

٢- سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی کارەکان و وەرگرتنی بڕیاری پێویست لەو بوارەدا .

٣ - ئامادەکردنی بودجەی دەزگا .

٤- پەسەندکردنی لە نوێ دانانی یاخود هەڵوەشاندنەوە یان هەموارکردنێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەشەکان و هۆبەکانی کە لکاوە بە دەزگاوە .

**ماددەی هەشتەم :**

کاروباری دەزگا :

١- بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە دەزگادا لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەپێی یاسا جێبەجێکراوەکان دادەمەزرێن لەگەڵ ڕەچاوکردنی شارەزایی و پسپۆڕی و ساڵەکانی خزمەتکردنی و دەستپاکی بە مەرجێك پایەکان لە پایەی عەمید کەمترنەبێ .

٢- بەڕێوەبەرەکان لە دەزگادا لەلایەن سەرۆکەکەیەوە دادەمەزرێ ئەمەش بە ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی دەزگاکە دەبێ و لە هەڵبژاردنیدا شارەزایی و پسپۆڕی و ساڵانی خزمەت و دەستپاکی ڕەچاو دەکرێ بەمەرجێك پایەیان لە پایەی موقدەم کەمتر نەبێ .

٣- ئەنجومەنی دەزگا پێڕەوێکی تایبەتی بۆ خزمەت و خانەنشینی و ئەرك و سزاکان و یاداشتەکان ئامادە دەکات .

٤- ژمێریاری دەزگا مل کەچ دەبێ بۆ وردەکاری و چاودێری لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتیەوە کە بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێك دێ .

٥- پیادەکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لەسەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و لەسەر کارمەندانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێن تاکو یاسایەکی تایبەت بە دەزگا دەردەچێ هەروەك لە بڕگە ( ٣ ) ی سەرووەوەدا هاتووە .

**ماددەی نۆیەم :**

سەرۆکی دەزگا بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و پێڕەوی ناوخۆی تایبەت بە دەزگا دەربچوێنێ .

**ماددەی دەیەم :**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ کە ناکۆك بن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە .

**ماددەی یازدەیەم :**

پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات .

**ماددەی دوازدەیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا جێبەجێ دەکرێ .

## هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی

لە پێناوی گونجان لەگەڵ ئاراستەکاریە دیموکراتی و دامەزراویەکان کە گەلی کوردستان باوەڕی پێیانە و لە پێناوی جێبەجێ کردنی بۆچوونەکانی هاووڵاتیانی هەرێم لە چێژ وەرگرتن لە ئاسایش و تەبایی و ئازادی و خۆش گوزەرانی و لە پێناوی ڕێکخستنی ئەرك و دەسەڵات و پێکهاتەکانی دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا و لە پێناوی چەسپاندنی کۆڵەگەکانی پێڕەوی ئاسایشی کارای نیشتمانی ڕێکوپێك و ڕێکخراو کە بتوانێ لە ڕووی مەترسیەکانی دژی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە بەپێی پرنسیپە دەستوری و یاسایی و دیموکراتی و پەیمانامە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بوەستێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان باوەڕی پێیانە ، ئەم یاسایە دەرچوێنرا .

چاپ / تاژان